## ئەبوبەکر عەلی:

## گرنگە رۆشنبیران بەشداربن لە دۆزینەوەی چارەسەرەکانداو تەنها ئیشیان دیاریکردنی رووە نێگەتیڤەکانی واقعەکە نەبێت

**ئایە گروپبەندی بتی رۆشنبیری دروست دەکات، ئایە رۆشنبیری ئێمەدا گروپبەندی وجودی هەیە، ئایە کێشەی فەرهەنگ و رۆشنبیری کوردی چییە،ئایا هیچ پەیوەندییەك لەنێوان زانکۆو رۆشنبیرانی دەروەی زانك‌و هەیە،ئایا رۆشنبیران دەبێت پرس و رای سیاسیان پێبکرێت؟ بۆ ئەم پرسانەو چەند پرسێکی دی ئەم گفتەگۆیەمان لەگەڵ رۆشنبیر"ئەبوبەکر عەلی" سازدا.**

**سۆران عەزیز: کێشەی فەرهەنگ و رۆشنبیری کوردی هەڵئاوساوەو دیارنییە تەئسیری هەبێت  لە سەر کایەکانی تر، لە کاتێکدا رۆشنبیران قسەیان لە سەر زۆرکایە کردووە، چۆن دەڕوانیتە ئەو بێ ئومێدییەی خەڵک بەگشتی کە پێی وایە رۆشنبیر ناتوانێ گرفتەکانی چارەسەر بکات؟**

**ئەبوبەکر عەلی:** سەرەتا دەبێ بڵێم ئەو شڵەژان و شێوە نائومێدییەی ئاماژەتان پێ کردووە تەنها کایەی رۆشنبیری نەگرتۆتەوە, بەڵکو نزیکەی کۆی کایەکانی ژیان و کۆمەڵگای گرتۆتەوە, قۆناغەکە لە سەر ئاستی گۆڕانە ئابووری و کۆمەلأیەتی و سیاسی و پەروەدەیی و فەرهەنگییەکان بۆ هەرێم و ناوچەکە, قۆناغێکی راگوزەرییە, ئەم قۆناغەش بە سرووشتی خۆی دڵەراوکێ و نا ئارامی خۆی لەگەڵدایە بۆیە بەگشتی دەبینین رەشبینی لە زۆر بوار و ئاستدا بالأدەستە. نا ئومێدی خەسڵەتێکی جیاکەرەوەی بەشێك لە هەست و هەناسەو گوتارەکانە، رەگی بەشێك لەم نا ئومێدییەش لە تراژیدیاو مەرگەساتی 100ساڵ کەوتن و هەستانەوەو ئاوارەیی و کوێرەوەری کورد و نەگەیشتنی کاروانی ناسیونالیزمی کوردییە  بە ئاواتەکانی خۆی. هەندێکیش رەگی لە شەڕی ناوخۆ و دابەشکردنی هەرێم و بەحزبی کردنی هەموو کایەکانی ژیان و بوونی گەندەڵی و تا نادادپەروەری  کۆمەلأیەتییە. لە روویەکی ترەوە ئەو بێ متمانەییە مێژووییەی کەسێتی کورد بەخۆیی و پرۆژە نەتەوەییەکەی و یادەوەری زامە بە سوێکانی و کۆنەستی برینداری و روونبەروونی ئایندە و بەمۆلەق مانەوەی دۆخەکەو کاڵبوونەوەی بەها جوانەکان و خەسڵەتە شۆڕشگێڕییە کلاسیکییەکان, ئەم بۆچوونە ئاو دەدات... لێرەوە نا ئومێد بوون لە رۆڵی رۆشنبیران دەبێت بەبەشێك لەو نائومێدییە گشتیە, بە بەشێ لەو بیرکردنەوەی کە پێی وایە ئێمە تەنها هونەری ئاهونترلەی بێ بەشی و کۆستکەوتوویی و ناڵەی سەرەمەرگی شەهیدانەو هاواری نارەزایی دەربڕینی تێکەڵ بە نائومێدی دەزانین, نەك خودان بیرکردنەوەیەکی دەستپێشخەری وابین بتوانین نائومێدییەکان بکەین بە هەوێنی رواندنی تۆوی تەحەددایەکی نوێ. کە مرۆڤە زیندووەکان و کلتوور و نەتەوە مەزنەکان وا دەکەن. نا ئومێدبوون لە رۆشنبیر, نائومێد بوونە لە گۆڕان بە کەڵەکە بینینی خراپی و گەندەڵی و ناعەدالەتییەکانە, لە روویەکی تریشەوە خۆ رازیکردن و و ویژدان ئاسوودەکردن و خۆ دزینەوەیە لەوەی لێپرسراوێتی بگرێتەوە ئەستۆ. دڵخۆشکردنە بەگریان و بەدەستکەوت زانستی بەمەزلومی سەرنانەوە و سۆڤیزمێکی نێگەتیڤی نوێیە لە بەرگرێکی هاوچەرخدا, لە روویەکی ترەوە ئەم بیرکردنەوە ئاماژەیە بۆلاوازی دامو دەزگاکانی ولأتی ئێمە. باسکردنی چیرۆکی ناکارابوونی دامو دەزگا کۆنەکان و شکڵ نەگرتنی دامو دەزگا تازەکانە. لەو لاوە نەبوونی دیدێکی زانستی و کۆمەڵناسییە بۆ گۆڕان و گەشەی کۆمەڵگا و تێکەڵکردنی سەرچاوەکانی نائومێدییە لە سەر ئاستی تاکەکەس و کۆمەڵگادا, هەروەها بە ئاگابوونە لەو رێسایەی کە پێمان دەڵێ گۆڕانی قوڵ بە کەڵەکەبوون و سووربوون و پشوودرێژی دێتەدی. رۆشنبیری کوردیش تەنها دەنگێکە لە نێو دەنگەکان.

لە ناو کۆمەڵگایەك هێشتا رێژەی نەخوێندەواری تێیدا بەرزە, کەناڵەکانی بەشداری سیاسی و دروستکردنی رای گشتی سست و لاوازە, قسەی یەکەم بۆ شێوازە کۆنەکەی کارتێکردن و ئاراستەکردن و کۆنترۆڵکردنە, ئاسان نییە رۆشنبیر ببێتە بیریار لێدەری بنەڕەتی  لە چارەنووسی قۆناغەکەو هەڵسانەوەی نەتەوەیەك, بنیاتنانەوە و ولأتێك تیپەڕاندنی قۆناغێك, هاوپەیمانییەتی نیشتمانی گەورەی دەوێت کە لە وێدا هەرکایەکان لە کایەکان رۆڵی خۆی بگێڕێ و چالاکی ئەمیان هەولی ئەوی تر چیتر هەڵنەوەشێتەوە.

رۆشنبیر خۆشی بێ گرفت نییە ،ئەو خۆشی لە سەر و لێپرسینەوە و پشکنینەوەنییە, ئەوەی پێشی دەوترێت کایەی رۆشنبیری بارستێکی هارمۆنی وەك یەك نییە. ئەو خۆشی لە قەیراندایە, مەگەر قەیرانی کۆمەڵگا یەك پێش هەموو شتێ ئاماژە نییە بە قەیرانی فکر و رۆشنبیری بەمانا فراوانەکەیەوە لەو کۆمەڵگایەدا. قەیرانی ئەو هەندێ جار قەیرانی شوناسە، هەندێ جاری تریش قەیرانی میتۆدو زمانە. هەندێ جاریش قەیرانی "مصداقیەت" و نەبوونی دیدێکی راستەقینەیە بۆ ئەرکەکانی قۆناغەکە, بە کورتی راست نییە رۆڵی کایەی

ڕۆشنبیرییەکەو ڕۆشنبیران سفر بکەین. ڕاستیش نییە سیفەتی فریاد ڕەسیان پێ بدەین، کە نا ئومێدییەکە لە ڕۆڵەکەدا لەم سیفەت پێدانەوە هاتووە بەتایبەتیش لای هەندێك كەس کە دەخوازێت و کایە ڕۆشنبیرییەکە جڵەوی دەستپێشخەری لە کایە سیاسییەکە وەربگرێتەوە و نائومێد ییەکانی ئەو چارەسەر بکات. کە ئەمەش لەم دۆخەدا چاوەڕوانییەکی زۆر واقعی نییە. ئەم بۆچوونەش دیدێکی دەربارەی ئەو گۆڕانەشی پێوە دیارە کە لە خوودی بواری ئەرکی ڕۆشنبیر و کایە ڕۆشنبیرییەکەدا هاتۆتە کایەوە.

**سۆران عەزیز: بۆچی سیاسییەکان گوێ لە ڕۆشنبیران ناگرن، ئایا گوتاری ڕۆشنبیری ئێمە لاوازە؟**

**ئەبوبەکر عەلی:** ئەوەی ئێمە بیڵێین بە ڕەهایی سیاسی گوێ لە ڕۆشنبیری ئێمە ناگرێت ،ڕەنگە زیادەڕەوی تێدا بێت, بۆیە وا باشە بگوترێت کەم گوێ دەگیرێت, یاخود کەمتر لەوەی چاوەڕوان دەکرێت سوود وەردەگیرێت. دیارە هۆکارەکەشی هەمووی ناگەڕێتەوە بۆ لاوازییەکی گوتاری ڕۆشنبیرانمان.

گەرچی ئەویش هۆکارێکە، بەڵکو بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی ڕۆشنبیری سیاسی ئێمە و بۆ نەریتی سیاسەتکردن لە لای ئێمەو ناوچەکەمان. بۆ پەیوەندی ڕۆشنبیرو کایە ڕۆشنبیرییەکە و کایە سیاسییەکە لە ڕابردوودا, هەروەك دەزانین پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیر و سیاسی ئێمە لە ژێر سایەی حزبە سیاسییە مەشرەب چەپەکانمان و کەوتنە ژێرکاریگەری مۆدیلی حزبی لینینی, پەیوەند ییەکی ئۆرگانی و بەیەکەوە بەسترا بوون, ڕۆشنبیر خۆی لە ناو حزبدا بووە, بەشێ بووە لە ئاراستەکردن و داڕشتنی گوتارە سیاسییەکە خەباتکاربووە, جیانەبووە لە جەستە سیاسییەکە و زمانێکی جیای نەبووە لەو، بەڵکو جێی شانازی بووە کاتێ توانیویەتی توانای خۆی بخاتە خزمەت پرۆژەی بەرەنگاری نیشتمانی و شۆڕشەوە.لێرەوە هەردوو گوتارەکە لە باری ناکاودا ژیاون لەپاڵ یەکەوە لە سەنگەرێکدا بوون و هەمیشەش مۆرگە سیاسییەکە زاڵ بووە, بە حوکمی سروشت و ئەرکەکانی قۆناغەکەو ڕۆشنبیری و ئایدۆلۆژیای زاڵ و دۆخەکە بەگشتی, بەڵام ئێستا لە دوای دامەزراندنی پایەکانی حکومەتی خۆماڵی بە هەموو کەم و کورتییەکانەوە, وە بە لەرزە کەوتنی ئایدۆلۆژیا زاڵەکەی کایە ڕۆشنبیری و سیاسییەکە واتە مارکسیزم, هەروەها بە هۆی کرانەوەی سنوورەکان و گۆڕانی بە شێ لە چەمك و وێناکردنەکان, وردە وردە تێڕوانین بۆ نێوان ئەو دوو کایەش گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بۆ یەکەم جارە لە مێژوویی نوێی ئێمە گوتارێکی ڕۆشنبیری هەبێت بیەوێت لە دەرەوەی هەژموونی حزب و دەسەڵاتەوە خۆی نمایش بکات و قسە لە سەر دیاردەو دەرکەوتنەکان بکات, وە "تموح" ی ئەوەی هەبێت سیاسی گوێی لێ بگرێت و خۆشی وەکو بەشێ لە تەکنیکەکانی چاودێر بەسەر دەسەڵاتەوە بخاتە ڕوو کەدیارە ئەم دۆخ و پێناسەیەش تەنهابەسەر بەشێ لە ناوەندە ڕۆشنبیرییەکەدا دەچەسپێ نەك هەمووی. چونکە هێشتا بەشێکی زۆری کایە ڕۆشنبیرییەکە لە ژێر هەژموونی حزبدایەو ئەو ئاراستەی دەکات و دەیەوێت ڕووکاری ڕۆشنبیری ئەو بێت و گووتارەکەی چۆڵ نەبێت لە زمانی ستایش, یاخود لانی کەم دواخستنی هەڵسەنگاندنەکان یاخود بە شێکی بۆ قۆناغێکی دواتر. لێرەوە مەسەلەی گوێگرتنەکە پەیوەندی بە هەردوو لاوە هەیەو پەیوەندی بەو کەناڵانەشەوە هەیە کەدەبنە پردی پەیوەندی و کەناڵی گواستنەوەو گەیاندنی گووتاری ڕۆشنبیری و پەیوەندی بەلاوازی ئەو دامو دەزگایانەوە هەیە, کە چالاکی و هۆشیاریان لە ئاستێکدا لە دەرەوەی سەرکردەو کەسەکانەوە توخمە زیندووەکانی کۆمەڵگە بە تایبەتیش کایەی ڕۆشنبیری دەگوازنەوە لە چوار چێوەی پرۆژەکانی خۆ تازەکردنەوە و پێشنیارکردنی چارەسەرەکان.

سەرەڕای هەموو ئەمانە من پێم وایە توانای دۆزینەوەی زمانێکی بۆ لە یەکتر تێگەیشتن و کار لێککردن لە ئارادایە، ئەگەر ڕۆشنبیر دەرکی سرووشتی ئەرکە سیاسییەکانی قۆناغەکە جوانتر بکات و خۆی بەشداربێت لە دروستکردنی دامو دەزگاکاندا و سیاسییەکانیش تێگەیشتنیان بۆ دروست کردنی بڕیاری سیاسی فراوان بکەن و کۆمەڵگای مەدەنیش لەوەی ئێستا هەیە زیاتر گەشە بکات, گرنگیشە لە دۆخێکی سەقامگیر و تەندروست کایەو گووتارکان گەر لە ڕواڵەتیشدا دژ بەیەك بن, لە قوڵاییدا یەکتر تەواوو بەهێزدەکەن و ئەو حاڵەتەش سیمای کۆمەڵگایەکە رووکەشانە کە دەڕوانێتە گوتار و زمان و ئەرك و دیاردەکان و بیری بەفرەیی و هەمە ڕەنگیشی تێدا بە هێزە.

**سۆران عەزیز: تۆ تاچەند بڕوات بەوە هەیە کە دەبێ ڕۆشنبیرانی کورد لە پرۆسەی سیاسیدا پرس و ڕایان پێ بکرێت ،ئایا ئەمە دەوری ڕۆشنبیرە وەك ئەوەی فۆکۆیاما لە ئەمریکا و هەندێ بیر یاری تر دەیبینن؟**

**ئەبوبەکر عەلی**: مەرج نییە رۆشنبیر وەك راوێژكار پرسی پیٚ بکرێت؟ بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە باری سەرنجی ئەو بەهەند وەربگیریٚ, گوێی لیٚ بگیرێت و بە چاوێکی پڕبایەخەوە سەیری ئەرك و رۆڵی رۆشنبیران بکرێت, وا سەیری کایەی رۆشنبیری نەکەیت کە مۆڵگای کاوێژکردنەوەی بیروڕای بە سەرچووە, یاخود بازاڕی نیشاندانی تازەترین کالاٚ رۆشنبیرییەکانە, بەلاٚم لە هەمان کاتدا ئەوە ئەرکی رۆشنبیرە نەهێڵی کایەی رۆشنبیری ببیٚ بەو پێشانگایەو رووێکی تری حەزی بەکاربردنی سەرمایەدارانەی سەردەم و پێشبڕکێی لە نیشاندانی تازەترین مۆدێل و ستایل ."د. عبدالکریم سرووش" رەخنە لە رۆشنبیرانی ولاٚتەکەی دەگرێت بەوەی ماوەیەکی زۆر خۆیان خەریك کرد بە میتافیزیکای هایدگەر و هەندیٚ کە سێتی و چەمك و رێبازی فکری ترەوە کە زۆر کەم نەبیٚ, نەیانتوانیوە خزمەتی کۆمەڵگای ئێرانی بکات و جۆرێك لە نامۆیی بۆ رۆشنبیر درووست کردووە و هەندیٚ جار وا دەرکەوتووە کە تەنها قسە بۆ خۆی دەکات و چێژی فکری دەبات و زۆر گوێی لەوە نییە، داخۆ ئەم باس و خواسە فکری و فەلسەفیيانە تاچەند دەتوانن بە سەر هۆشیاری نەوەی نویٚ و کۆمەڵگادا کاریگەربن و چەند دەتوانن ببنە پردی پەڕینەوەی کۆمەڵگا لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر. پێم وایە بۆ ئەوەی شوێن پەنجەی رۆشنبیرانیش زیاتر بە سەر قۆناغەکە و سیاسەتیشەوە وەك هەستیارترین کایە دیاربێت. دەخوازێت ناوەندە رۆشنبیرییەکە و رۆشنبیر واز لەو قەناعەتەی خۆی بێنیٚ کە پێی وایە ئەوە ئەرکی رۆشنبیر نییە چارەسەرییەکان پێشکەش بکات. بەڵکو هەر کارێکی لەم جۆرە بە پێچەوانە لەگەڵ ئەرکی رۆشنبیری هاوچەرخ دەدرێتە قەڵەم. من پێم وایە ئەم بۆچوونە لە بنەڕەتیشەوە گیروگرفت و هەڵەیە بۆ کۆمەڵگا و دۆخی ئێمەش هەڵەتر....

چونکە ئا ئەو تیۆرە رێژەییەی لۆك و سرووش و مۆتیسکۆو چەندە کەسی تر لە مێژووی هاوچەرخی خۆرئاوادا کردیان بۆ دیمکراسی، ئایا خستنە بەردەمی "بدیل"ێك نەبوو بۆ ئەو شێوازە حکومرانێتییەی لە ئارادا بوو؟

ئایە ئێستا ناوەندەکانی توێژینەوەی فکری لە دنیادا"بدیل" پێشکەش ناکەن بۆ سیاسەت و رێو شوێن و چارەسەرە باوەکان, کاتێك بزووتنەوەی ژیان و کۆمەڵگە ناکاراییان دەخاتەروو، ئایا تیۆری تازەو فکری تازە ئامانج تیایدا درووستکردنی بزووتنەوەی سیاسی کۆمەلاٚیەتی تازە و پێگەیاندنی هۆشیارییەکی کراوەتر نییە "لە رووە ئیجابییەکەیدا" بۆ دۆزینەوەی چارەسەری قووڵتر و کاریگەر تر و ئینسانی تر؟ نابێت کاردانەوە بەرامبەر بە رۆشنبیری ئۆرگانی و هەندیٚ لە رووە خراپەکانی ئەو رۆڵەی بینیویەتی لەم رووەوە بە رووەکەی تردا توندرەوی لێبکەوێتەوە, بە تایبەتیش لە کۆمەڵگایەکی وەکو ئێمە کە تاکو ئێستا لە سەرەتای دامەزراندنی دامو دەزگا دەستوورییەکانی خۆیدایەتی و هێشتا بەدەست جۆرەها گیروگرفتەوە دەناڵێنیٚ و شێوازێکی تایبەت لە کاری رۆشنبیری دەخوازێت کە وەلاٚمدەرەوە بێت بە پێداویستییەکانی قۆناغەکە.

بۆیە زۆر گرنگە رۆشنبیران بەشداربن لە دۆزینەوەی چارەسەرەکان و تەنها ئیشیان دیاریکردنی رووە نێگەتیڤەکانی واقعەکەو ووروژاندن و درووستکردنی ناڕەزایی نەبێت. لێرەشەوە دەبێت رۆشنبیرەکان هەندیٚ ئەرکی سیاسیش لە پێگەی تازەوە لە دەرەوەی حزبەکانەوە راپەڕێنن لە بۆ ئەوانەی لە دەرەوەی حزبەکانن. یارمەتی سیاسییەکان بدەن لە جوان خوێندنەوەی واقعەکە و دەرك کردنی و دیاریکردنی هێڵە گشتییەکان و ئاراستەکردنی سیاسەت و ستراتیژییەکان، ئەمە کەمکردنەوە نییە لە رۆڵی رۆشنبیر, بەڵکو بە کۆمەڵگایی کردنەوەی دەورەکەی و درووستکردنی فشارێکی راستەقینەشە لە سەرسیاسییەکان. هەڵبەتە لێرەدا مەبەست ئەوە نییە رۆشنبیر واز لە شێوازی کارکردنی خۆی بێنی و بیروڕای بەجیهانە تایبەتەکەی خۆی لاواز بێت.

بەڵکو مەبەست لێی دۆزینەوەی شێوازێکی تایبەتە و سەر بە خۆیی کارکردنە کە وەك گوتمان گونجاو بێت و لەگەڵ سرووشتی قۆناغەکە و هێنانەدی زۆرترین هەماهەنگی ئیجابی لە نێوان کایەکانی کۆمەڵگادا بۆ گەیشتنە خاڵی سەقامگیری و بەدامەزراوەیی بوون, ئەمەش دژایەتی نییە لەگەڵ رۆڵی رەخنەگرانەی رۆشنبیر, بەڵکو رووێکی ئەو رۆڵەیە. یارمەتیدانی سیاسەتمەدارێکە کە قۆناغەکەکانی پێشووتر تەواوی نەکردووە، یاخود خوێندنەوە نەبۆتە بەشێك لە ژیانیان، یان سەرقاڵی ناهێڵیٚ سوود لەوە وەربگرن کە دەنووسرێت و دەوترێت و دەورووبەرەکەشی لەو ئاستەدا نییە ئەو رۆڵەی بۆ ببینن. چونکە ئەو دەورووبەرە هەندیٚ جار زیاتر رۆڵێکی ئیداری دەگێڕن و هەندیٚ جاریش بەربەست و هەستیاری و ئیرەییەکان رێگایان لیٚ دەگرێت کاریٚ بکەن گەمە بەهێزەکانی کۆمەڵگاو زیاتر بە ناوەندی بیرکردنەوە و ئەو ئیزافاتانەی هەیانە بۆ سەر ژیان و کۆمەڵگا بکات.

**سۆران عەزیز: گرووپبەندی رۆشنبیری ،بتی رۆشنبیری درووست دەکات لە کاتێکدا ئێمە لە بتی دینی و سیاسی رزگارمان نەبووە. ئایا لە نێو رۆشنبیری کوردیدا گرووپبەندی هەیە چۆن دەکریٚ رێگەی لیٚ بگیرێت؟**

**ئەبوبەکر عەلی:** من نازانم بەوردی مەبەستت لە گرووپبەندی رۆشنبیری چییە؟  بۆ دەبێت ئەگەر هەبێت سلبی بێت, ئەگەر مەبەستی گرووپبەندی رۆشنبیری بوون زیاتر لە ئاراستەیەك بێت لە ناوەندی رۆشنبیریدا, ئەمە دیاردەیەکی تەندروستەو خەسڵەتێکی جیانەکراوەی رەوشێکی ئاساییی وبەشێکە لە سروشتی کاری فکری و هونەری بیرکردنەوەو تێرامانی فکری و فەلسەفی ،هەر بۆیە کە گوتمان فکرو رۆشنبیری ناوەندی رۆشنبیری و رۆشنبیر واتە بوونی جیاوازی زیاتر لە بۆچوون و دیدو تێروانینێك.ئەمە ئەو شتەیە کە نکۆڵی لێ ناکرێت,بۆیە بوونی گرووپ و ئاراستە رۆشنبیرییە جیاوازەکان دیاردەیەکی ئاساییی ژیانی رۆشنبیری هەر گەل و نەتەوەیەکن و سەرچاوەی تازە بوونەوەی رۆشنبیر ی نیشتمانیشن، بەڵام ئەگەر مەبەستیش لێی باندی رۆشنبیری بێت, گواستنەوەی پەتایەکانی کایەی نەخۆشی سیاسەتی ئێمە بێت, لە کێبڕکێی ناشەفافانەو یەکتر شکاندن و لە رووی یەك هەڵماڵین و جنێو فرۆشی و خۆ خستنە پێش چاو بۆ کڕین و "امتیاز" کۆکردنەوە, دیارە ئەمە دیاردەیەکی نێگەتیڤە و دژە لەگەڵ  سرووشت و جەوهەری کاری رۆشنبیری و ئەرکەکانی رۆڵی رۆشنبیر و پەیامەکەی لە ژیان و کۆمەڵگادا. چونکە ئەو دۆخە رۆشنبیرییەکی نەخۆش بەرهەم دێنێ و کایەکانی تری کۆمەڵیش زیاتر نەخۆش دەکات و بەکاربردنی رۆژانەی زۆرتردەبێت و پێگەی تێڕامان و داهێنان و قووڵ و بیرکردنەوە لاواز بە قازانجی کاردانەوە و رووکەشبینی و وەدەرنانی هەندێ رەمز لە گۆڕەپانەکەو تەنانەت هەندێ جار کار دەگاتە بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسی دژ بەیەکتر، مەسەلەی گرنگ لە نێوەندەکەدا ئەوەنییە خەڵك جیاوازبن، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت "و لزلك خلقهم" مرۆڤەکان وا خولقێنراون. بەڵکو ترسناکی لەوەدایە رۆشنبیران و سیاسەتکارانی ولاٌتێك لە سەر هەموو شتێ جیاواز بن و سنوورەکانی رۆشنبیری نیشتمانی چەسپاوەو نیشتمانی و رۆشنبیرییەکان دیارنەبن, کە لەم کاتەشدا جیاوازییەکان دەبن بە ناکوکی. بە داخەوە ناوەندی رۆشنبیری ئێمە بە دەست ئەم نەخۆشییەوە دەناڵێنێ، گرفتەکەش گەورەتربووە یەك لە ناکۆکییە رۆشنبیرییەکان زۆرجار بوون بە رووی ناکۆکی یە سیاسییەکان و تەنانەت زار و شێوازارەکانیش ،ئەمەش لەو سۆنگەیەوە کە تاکو ئێستا ناوەندی رۆشنبیری نەگەیشتۆتە بە ئەخلاقیاتی جیاوازبوون و تێگەیشتن لەم چەمکەو جیاکردنەوەی لەگرێی دەروونی و رقی کۆمەلاٌیەتی و بوغزی سیاسی و چەندین شتی تر.

**سۆران عەزیز: هیچ پردێک لە نێوان رۆشنبیری دەرەوەی زانکۆو ناو زانکۆ نییە ئایا بەراستی ئەمە هۆکارەکانی چییە؟**

**ئەبوبەکر عەلی:** راست نییە بڵێین هیچ پردێ نییە, ئەوەی تۆ باسی دەکەی لە رووی دووەمیدا ئاماژە بە لاوازی رۆڵی زانکۆ لە بەرهەمهێنانی فکرداو گۆڕانی بۆ کارگەیەك بۆ دەرچوواندنی فەرمانبەر و بیروکراتی دەکات ، توانا سنووردار بوونی حکومەت ،تەنانەت ئەم مەسەلەیە گەیشتۆتە ئەوەی بەشێکی گرنگ لە رەمزە رۆشنبیرییەکانی ئێمە لە دەرەوەی زانکۆ ببینرێن ،هەندێ جاری واشبووە زانکۆ ململانێشی لەگەڵ کردووە, هەر چۆنێك بێت ئەم پۆلێنکردنە بۆ ولاٌتی ئێمە زۆر ورد نییە ،چونکە ئێمە لە دەرەوەی زانکۆدامودەزگای پێگەیاندنی سەربەخۆی دیکەمان نییە ،یان زۆر لاوازە. بۆ نموونە نە لە وێنەی حەوزە لای شیعەکان. بەلاٌم هەرچۆنێك بێت باسەکە باسی کاریگەری رۆڵی زانکۆ و دیارنەبوونیەتی لە شوێنێ کە ئەو دەبێت لە ریزی هەرە پێشەوە بێت.

**سۆران عەزیز: کۆمەڵگای ئێمە رەوتەکانی رێنسانس و رۆشنگەری نەبینیوە و ناسیۆنالیزمی عەولەمەی هەیە چۆن دەتوانێت دیموکراسی وەک پڕەنسیب قبوڵ بکات ؟**

**ئەبوبەکرعەلی** : مەرج نییە کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی هەموویان بە هەمان پلەبەندی مێژوویی پەرەسەندنی خۆرئاوادا بڕۆن، چونکە گرفت و شوێن و کاتەکان و کاریگەری ژیاری نوێی خۆرئاوا و دەور دەبینین. ئەو شتانەی کە رۆشنگەرەکان لە خۆرئاوا خەباتیان بۆ دەکرد و دواتر رێبەرە سیاسی و فکرییەکانی گەلانی ئەوروپا داوایان دەکرد، بوونەتە دەستکەوی جیهانی و لە سەرتاسەری جیهاندا لە ئاستی جۆراوجۆر بلاٌوبوونەتەوە. خەڵکانێکی زۆر لە جیهاندا لەوانەش لە کوردستان، بیروڕایان بە ئایدولۆژیا و چەمك و رێبازە فکری و سیاسییە نوێیەکان هەیە. خۆرئاوا وەك نموونەیەکی ژیاری و سیاسی و ئابووری مەرجەعیەتی بەشێکی بەرچاو نوخبەی زۆر لە ولاٌتانی ناوچەکە و لەوانەش کوردستانە. خودی ناسیونالیزم وەك پرەنسیپێکی سیاسی مۆدێرن، سەدەیەك دەبێت لەناو گەلانی خۆرهەلاٌت و لە نێوەندەشدا لەناو کورددا بلاٌوبۆتەوە. هەستی ناسیونالیستانە و داواکاری داڕێژراو لەسەر ئەو هەوینی چەندین شۆڕش و راپەڕین بوون لە کوردستاندا. ناسیونالیزم لە سەدەی رابردوودا تا رادەیەکی زۆر ئەدەبیاتی کوردی بارگاوی کردووە، رەمزە نەتەوەییەکان زیندووکراونەتەوە و

کوردبوون بووەتە خولگەی شوناس و خۆجیاکردنەوە و هەست بە جیاوازیکردن. بە جۆرێك کە ئێستاشی لەگەڵدا بێت گۆتاری ناسیونالیستی با لە بەرگی ئیحساسێکی میللی گشتیشدا بێت، گوتاری باڵادەستە لە کوردستاندا. تا ئێستا هیچ گوتارێکی تر لە رووی هەستجووڵاندنی سیاسی و سازدان و تەیارکردنی جەماوەرەوە نەیتوانیوە تەحەدای بۆ دروست بکات. کەواتە ناسیونالیزم لەناوماندا دەژی، مێژووی نوێی و هاوچەرخی ئێمەی خستۆتە ژێر سێبەری خۆیەوە و تێکەڵ بە ژان و ژوار و کارەسات و هەست و نەست و خولیای مرۆڤی کوردستانی بووە، بەرهەمەکانی بوژانەوە و رۆشنگەریش بەدوور نین لە ئێمە. دەستکەوتەکانی جیهانگیریش بە تایبەتیش لە روی هۆیەکانی پەیوەندیکردن و تێکشاکاندنی سنورە نەتەوەییەکان لەم روەوە بووتە هۆکارێکی تری تێکەڵاوبوون و کرانەوە، بەڵام ئەم قسانە هیچی ئەوە ناگەیەنێت کە ناسیونالیزمی ئێمە بیّ گرفتە، یاخود تا ئێستا دیدێکی مەعریفی قووڵ دەربارەی ناسیونالیزم بنیات بنێین، یاخود هێزە ناسیونالیزمەکانمان لە رووی هەڵگرتنی خەسڵەتە ناسیونالیسییەکان بە دەستی چەندین گیروگرفتەوە دەناڵێینن. دیسانەوە نامەوێت پەردە بدەم بەسەر پانتاییەکی گەورە لە شێواوی و نارۆشتی و نائەقلانیەت و رواڵەتگەرایی و لاساییکردنەوە و نەزۆکی فکری کە لە پەیوەندی بە مامەڵەکردن لەگەڵ دەستکەوتەکانی رۆشنگەری لە ئارادان. بە جۆرێك کە ئاسان نییە هێڵێکی جیاکەرەی ئاراستەگرتووی رۆشتنی فکری لە کۆمەڵگادا بەدی بکەین کە توانای کەڵەکەبوونی ژیاری و ئەزموونی گەورەی هەبێت.

دەواکەوتوویی فکری و نەبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی رەنگدانەوەی خراپیان لەم رووەوە دروست کردووە. ئێمە گەر ئاوڕێ لە رابردووی ناوەندە فکرییەکەمان لە پەنجا ساڵی رابردوو بدەینەوە، دەبینین کە مارکسیزم ئایدۆلۆژی زاڵ و گوتاری باڵادەست بووە. بەشێکی زۆری نوخبە و نەوەی نوێی کورد لە رێی گوتەزاکان و میتۆد و دیدی وەکو دیموکراسی، ئازادی، ناسیونالیزم، یەکسانی، هتد نەرم کردووە و هەمووشتمان دەزانین کە مارکسیزم لە چ دیدێکی ئایدۆلۆژی تەسك و پڕ گرفتاوییەوە دەڕوانێتە ئەو چەمکەنە. ئەم پاشخانە فکریە گەر لە ئاستێکدا خزمەتی ناوەندە رۆشنبیرییەکەی کردبێت و هەندێ پرسیاری لا دروست کردبێت، ئەوا لە چەندین رووی ترەوە کاریگەری خراپی بەسەرەوە جێهێشتووە و دووچاری دۆگما و ئایدولۆژیاگەری و تاك رەهەندی و بەسەرخۆدا داخرانی کردووە و مەسەلەیەکی گرنگی تر لەم روەوەو کە نەیهێشتووە لە ئاستێکی تەندروستیدا مامەڵە لەگەڵ چەمکە فکرییە گەورەکان و دەستکەوتە گەشەکان بکەین، تەمبەڵ و نامۆی فکری و مامەڵەنەکردن بووە لەگەڵ جەوهەری ژیاری خۆرئاوا. بەداخەوە کە رۆشنبیری ئێمە زۆر کەم توانیویەتی خۆرئاوا وەك ئەزموونێکی بەشەری وەربگرێت و بەم هەناسەوە بیر لە بنیاتنانی مودێلێکی هاوچەرخ لە دەسەڵات و گەشانەوەو خۆبەرێوەبردن بکاتەوە، نەك وەك رەهایەك و داڕنراو لە هەموو رەهەندێکی لۆکاڵ و ژینگە و هەڵومەرجێکی مێژووی قەبووڵکردن یاخود نەکردنی دیموکراسییش هەر لەم چوارچێوەدا تاوتویێ دەکرێت. بێگۆمان کاتێك دەتوانرێت دیموکراسی وەك کلتوور و شێوازێك لە بەڕێوەبردنی دەسەڵات و ئاراستەکردنی کۆمەڵگا قبولێ بکات کە لە تێگەیشتنێکی روون بۆ هەلومەرجەکانی جێبەجێبوون و ژێرخانە فکرییەکەی لە ئارادا بێت و ئیرادەیەکی سیاسی تەواو دیدێکی فکری رۆشن لەمەر ئەرکەکانی دیموکراسی و چۆنیەتی بینیاتنان و گەشەپێدان و شوێنگەی ئەو لە دەوڵەتی هاوچەرخدا بەشێکی گرنگ لە رۆشنبیری سیاسی پێکبێنێت.

بۆیە گەر ئێمە بە رواڵەت دیموکراسیەتمان قبۆل کردبێت، هێشتا ماومانە بە کردەوە بەرەنجامەکانی کارکردن بە میکانیزم و چوارچێوەکان و لۆژیکەکەی و پێداویستییەکانی بە دیموکراتیزەبوون قبۆل بکەین.

**سۆران عەزیز. : ئایا بوونی دیموکراسی لەم رۆژگارەدا تاچەند دەتوانێت بۆ ناسنامەی نەتەوەیی کورد کاریگەر بێت ؟**

**ئەبوبەکرعەلی:** مەسەلەی دیموکراسی بۆ کورد و ناسیونالیزمی کوردی زیاتر لە روویەکەوە بایەخدار و کاریگەرە. جاریێ پێش هەموو شتێك خەباتی گەلی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی لە جەوهەردا خەبات و داوایەکی عادیلانە و دیموکراسیانەیە، واتە بوونی دیموکراسی لەو ولأتانەی کوردی تێدایە بە واتا فراوان و رەسەنەکەی کە هاوڕایە لەگەڵ فرە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی و سیاسی و فکری دەبێتە فەزایەك بۆ پاراستنی ناسنامەی کوردی و گوزارشت لە خۆکردنەوەی، چونکە دیموکراسییەکی راستەقینە ئەو سایە و ئاسمانەیە کە لە سایەیدا پێکهات و شوناسە جیاوازییەکان دەتوانن نمایشی جیاوازی و تایبەتمەندییەکانی خۆیان بکەن. بە پێچەوانەی دیکتاتۆریات و سەرکووت و تاکڕەوییەوە کە ریێ لە هەر گوزارشت لەخۆکردنەوەیەکی ئازادی شوناس و بوونە جیاوازەکان دەگرێت، کەواتە لە ئاستی ئەو قەوارە و دەوڵەتانەی کوردیان بەسەردا دابەشکراوە و لە ناویاندا دەژین پرسیاری شوناسی بەتوندی بەستراوەتەوە بە پرسیاری ئازادی سیاسی و دیموکراسییەوە. هەرچی پەیوەستە بە هەرێمی کوردستان و ئەزمونی حوکمڕانی خوماڵی کوردی، دیسانەوە دیموکراسی ئەو کەش و هەوایەی کە تیایدا شوناسی کوردبوون و کوردستانیبوون دەگەشێنەوە و شکۆفە دەکات، چونکە دیموکراسی بوون ئاماژە دەبێت

به بوونی ئازادی دوای به دەستهێنانی ئازادی ئەگەر نشتمانیش لە پێناسەیەکی هاوچەرخی خۆیدا ئەو سەرزەمینە بێت کە لەسەریدا هاونیشتیمانی تاکێکی خاوەن ماف و ئازادی و مرۆڤێکی خاوەن کەرامەتە، ئەوا نەبوونی دیموکراسی و ماف و ئازادی بە گشتی و تایبەتییەکان لە کوردستان و دەرەوەی ئەویش یەکسان دەبێت بەبێ ناوەرۆکبوونی چەمکی نشتیمان، نشتیمانیش ئەو سەر زەمینەیە کە درەختی شوناسی لە سەریدا گوڵ دەکات و خۆی نمایش دەکات.

گەر لە رایەکی تریشەوە سەیری دۆخەکە بکەین هەست دەکەیت بەشێ لە رەوایەتی ئێمە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەتایبەتیش پێش دەستوری عێراق و تا رادەیەك ئێستاش پەیوە ست بووە و پەیوەستە بە ئامادەبوون بۆ نوێنەرایەتیکردنی بەهاکانی ئازادی و دیموکراسی... خودی ئەم ئاماژە بوونە با لەسەر ئاستی تیۆریش بوویێت لە رابردوودا میکانیزمێکی خۆجیاکردنەوە و پاساوێکی بوون و کەرەسەیەکی داواکردنی پشتیوانی لێکردن بووە. رەهەندێکی تری پرسی ناسنامەی کوردبوون و کوردستانی بوون، دیسانەوە پەیوەستە بە رویەکی تری دیموکراسییەوە کە ئەویش بەشداری سیاسییە, گەر هاوڵاتیانی کوردستان بە هۆی دیموکراسی و میکانیزمەکانییەوە ئەو هەستەیان بۆ درووست بێت کە خۆیان خاوەنی راستەقینەی دەسەلات و رەوایەتی سیاسین و بەشدارن لە بەرێوەبردنی دەسەلاتدا و دەسەلات بە پێکهاتەکانییەوە نوێنەرایەتی خواست و ویستی ئەوان دەکات و رونی هەیە و گەندەڵی و یاساشکێنی و خۆپەرەستنی ژیانی لێ هەراسان نەکردوون, ئەوا بە پەرۆشەوە دەچنە نێو مەسەلە نیشتمانییەکانەوە و ئینتیمای نیشتمانی و نەتەوەییان بەهێزتر دەبێت و شانازیشیان بە ناسنامەی کوردایەتیانەوە زۆرتر دەبێت و هەست بە کەسێتی مەعنەوی و بوون و رێژی خۆیان دەکەن. کەواتە دیموکراسی لە رۆژگاری بە جیهانی بوونی خۆیدا لە رۆژگاری ئەمرۆدا بەتوندی لەگەڵ پرسی ناسنامە و ناسیۆنالیزمی ئەقلانی تێکەڵ بووە و هیچ ناسیۆنالیزمێ ناتوانێت لە دەرەوەی ئەوەوە دۆخێ بخولقێنێ و نەتەوە بەرەو شکۆ و خۆشگوزەرانی و بەرزی و کاریگەرییبوون بەرێت.

**سۆران عەزیز. : ئایا هەستی ناسیۆنالیزم بەتەنها بەسە بۆ بەرهەم هێنانی ناسیۆنالیزم بەوپێیەی ناسیۆنالیزم بەتەنها کارکردن نیە لەسەرعاتیفە و سۆز و سیمبول؟**

**ئەبوبەکر عەلی** : روونە کە تەنها هەستی ناسیۆنالیستانە بەس نییە بۆ بوونی ناسیۆنالیزم، چونکە لەگەڵ ئەوەدا کە ناسیۆنالیزم لە رەهەندێکیدا لەگەڵ هەست و سۆز و هەستکردن بە ئینتیما بۆ نەتەوە و نیشتمان تێکەڵاوە و کارلێك دەکەن, بەڵام لە رەهەندێکی تردا ناسیۆنالیزم هۆشیارییە کە مەعریفە بەرهەم دەهێنێ و فەزایەکە لە رێی کۆمەڵێ میکانیزمی پێگەیاندو پێکچواندن و ئاوێزانکردندا نەتەوە درووست دەکات و بەم جۆرەش وەك هەوێن و پاڵنەر و تەکاندەر دەچێتە ناو سیاسەت و پەروەردە و ئابووری و سوپا و دامەزراوەی ئەکادیمییەوە، هەروەها لە رویەکی ترەوە کاردەکاتە سەر خوێندنەوەی مێژوو و دارشتنی کەسێتی نیشتمانی. لێرەوە "ئەقڵ" یش بە تایبەتی لە سەر ئاستی دەستەبژێرە سەرکردەکەی ناسیۆنالیزم دەبێت رۆڵی یەکلاکەرەوە ببینێ لە ئاراستەکردنی سیاسەت و هەنگاو و ستراتیژەکان.

ناسیونالیزم پێویستی بە باشخوێندنەوەی واقعی نیشتمانی و دەستنیشانکردنی ئاڵۆزی و کێشەکان هەیە. خوازیاری سیاسەتێکی ئەقلانی وایە، وزە و توانا نیشتمانییەکان بەفیرۆ نەدات و بەناوی ناسیۆنالیزمەوە شەری دەسەلاتی شەخسی و حزبی و گرووپی نەکات. لافی ناسیونالیزم لێنەدرێ و لە هەمانکاتدا شوناسەکانی خوار ئەو لە خێڵ و ناوچە و زار و شێوە زمان و حزب و تایەفە تۆخ بکرێتەوە و بکرێتە هێڵی دەستنیشانکردنی دۆست و دوژمن. ناسیونالیزم گەر تەنها هەست و سۆز بوو، تەنها هەندێ کەف و کوڵی شۆرشگێرانە و بمرێ و بژی بوو؟ تەنها هەستێکی میللی گشتی بوو, نەگۆرابوو بە چاودێر بەسەر رەفتارە سیاسییەکانییەوە ناتوانێ وەزیفەی سرووشتی خۆی ببێنێت.. بۆ نموونە دەسەلاتێکی ناسیونالیستانە کاتێك گەندەڵی دەکات, یاسا پێشێل دەکات, ناعەدالەتی لە سایەیدا بالادەستە و رۆتین و دواکەوتوویی ئیدارەی و دەوڵەمەندبوونی نارەوا و یاریکردن بە پارەی گشتی و چارەنووسی نەتەوەوە دەبێت بە بەشێ لە کارنامەی. دەبێت ناسیونالیزمەکەی چ مانایەکی بۆ بمێنێتەوە؟

ناسیونالیزم گەر هەندێ هێڵی گشتی بەردەوامی هەمیشە هەبێت لە چەندین رووەوە هەر قۆناغە و رەنگدانەوە و ئەرکی خۆی هەیە، بە جۆرێ لە هەندێ کاتدا ئەو هەستە سەرەتاییە زۆر دەوری نامێنێ و دەبێت بگۆردرێت بە توخمێکی هەست بە لێپرسراوێتیکردن بەرامبەر نیشتیمان و نەتەوە و چارەنووسیان.

**سۆران عەزیز. : ئایا ئێمە ناسیۆنالیزمان هەیە ئەگەر هەیە چ جۆرێکە ؟**

**ئەبوبەکرعەلی:** بەڵێ ئێمە ناسیۆنالیزمان هەیە، بەڵام زیاتر ئەو ناسیۆنالیزمەیە کە لە سەر سۆز و عاتیفە ئیش دەکات, تاکو ئێستاش دیدێکی مەعریفی قووڵمان بۆ ناسیۆنالیزم نییە, ناسیۆنالیزم نەبۆتە کایە و بابەتەێکی فکری و تیۆری وا کە بتوانێت پێوەر بداتە دەست هاووڵاتی و کۆمەڵگا بۆ داوەری کردن دەربارەی سیاسەت و درووشم و گوتار و نەخشەکان. ناسیونالیزمی کوردی لە رووی مێژووییەوە تەمەنی لە ناسیۆنالیزمەکانی تری ناوچەکە کەمتر نییە, بەڵام لە بەر سرووشتی کۆمەڵگای کوردی و دابەشبوونی کوردستان و چەوسانەوەوەی نەتەوەیی و بە ئاکام نەگەیشتنی بزووتنەوەی نەتەوەییە کە درووستنەکردنی دەوڵەت و دوای ئەوەش کاریگەری ئایدۆلۆژیای چەپ و چەندین هۆکاری تر, نەیتوانیووە لە هەندێ رەوەوە ناوەڕۆکی سرووشتی خۆی پەیدا بکات و ئەرکەکانی بە جوانی رابپەڕێنێ. ناسیونالیزمی کوردی لە ژێر جەبری واقعیەکەدا و خراپی ژیانی حزبی و تازەنەبوونەوەی رۆشنبیری سیاسی و ساختەبوونی پرسیاری بوژانەوە لەنێو ناوەندە فکری و سیاسییەکەدا، لانیکەم لە هەندێ روەوە, بەوە دەناسرێتەوە کە ناسیونالیزمێکی رارایە و تواناکانی لەخۆگرتن و پێگەیاندنی سنووردارە و نەیتوانیوە ببێتە ئەو چوارچێوە کە هێزە ناسیۆنالیزمەکان لە خۆبگرێت و نەهێڵێت ناکۆکییەکانیان بەشێوەیەکی خوێناوی بتەقێتەوە و بەمەش بەشێ لە سیاسەتەکانیان بچێتە خانەی دژایەتیکردنی بەهاو ئەرك و خواستە ناسیۆنالیستەکانەوە. ناسیۆنالیزم لەوڵاتی ئێمە لە هەندێ رووی مێژووییەوە بارگاوی کراوە بە ئایدۆلۆژیا. لە هەندێ کاتیشدا شوناسەکانی خوار ناسیۆنالیزم ویستوویانە بەکاری بێنن بۆ قازانجە ناوچەیی و سنووردار و دژە ناسیونالیستەکان، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ناسونالیزمی کوردی هێشتا توانایەکی کۆکردنەوە و جوڵاندن و سازدانی گەورەی هەیە, بەڵام ئەوەش ناشاردرێتەوە کە سیاسەتە هەڵەکان و خراپەی هێزە ناسیۆنالیستەکان کاریگەری نێگەتیڤی لە سەر کردووە و تووشی جۆرێ لە شلەژاوی چەمکی و ناوخۆیی کردووە.

**سۆران عەزیز. : هەندێ لەناسیۆنالیزمەکانی کورد بەجۆرێک کاردەکەن لەسەر سرینەوەی ناسنامەی نەتەوەمانی دی وەک تورک و فارس و عەرەب ئایا ئەم جۆرە لەناسیۆنالیزمە ناسیۆنالیزمێکی فاشی نیە ئەی مەترسیەکانی ئەم جۆرە لە ناسیۆنالیزم چییە؟**

**ئەبوبەکر عەلی:** بێگومان ئەگەر خەڵکانێك هەبن بە ناوی ناسیۆنالیزمی کوردییەوە هەوڵی سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی نەتەوەکانی تری کوردستان بدەن, بەم کارەیان ناسیونالیزمی کوردی ناشیرین دەکات و تێکەڵی دەکەن بە هەناسەکانی رەگەزپەرستی و فاشیەت و ستەمکاری و توندڕەویی, لێرەو لەوێش ئەم جۆرە کەسانە دەبینرێن گەرچی تا ئێستا نەبووەنەتە تەوژمێکی بەهێز و کاریگەری ناو ناسیونالیزمی کوردی. بێگومان ئەم هەوڵ و هەناسەیە کە دەمارگیری و توندڕەوی و سەرچڵی نەتەوەیی دەگەیەنێت، یەکسان نییە بە دڵسۆزی بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی, واتە ئەوەی توندتر و خوێنگەرمتر و پێداگرتر بوو بەم هەست و تێگەیشتنە شێواوە و بۆ ناوەڕۆکی ناسیۆنالیزمی کوردی و پەیام و ئەرکەکەی مەرج نییە کوردتر و راستگۆتر و کوردپەروەرتر بێت، چونکە بەم کارەی مەترسی بۆ سەر کۆمەڵگەی کوردی خۆی درووست دەکات و سەرەنجام هەر نەتەوەکانی تری ناو کوردستان ناکات بە ئامانجی خۆی، بەڵکو هێزەکانی دەرەوەی خۆشی لە ناو خوودی بازنە کوردییەکە. گەر گریمانەی ئەوە بکەین، دەبن بە هێز بە کەمتەرخەم و ناڕەسەن و کەمخوێن لە رووی نەتەوەییەوە لە قەڵەم دەدات. ناسیونالیزم کە گەیشتە رەگەزپەرستی دەگۆڕێت بەهێز و وزەیەکی وێرانکەر و شەڕەنگێز و فراوانخواز.. هەمیشە بەدوای ململانێ و دووژمنی دەستکردا دەگەڕێت. هەوڵ دەدات لە سەر تێکشکاندنی شوناسەکانی تر بینای بەشێ لە شکۆ ساختەکانی خۆی بکات. لێرەشەوە دەبێت بە ناسیۆنالیزمێکی داڕنراو لە ئەخلاق و مرۆڤایەتی بوون.. وتمان ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگ و دەمارگیر کە چاوی بە شوناسە نەتەوەییەکانی تر هەڵنایەت و بە زیادیان دەزانێ و هەندێ جاریش بەهەڕەشەیان دەزانێ لە سەر ئێستا و دوارۆژ و گەشەکردنی خۆی, چاوی بڕیوەتە یەکیەتییەکی بە زۆری بێ بناغە و وەکیەك لیکردنی کۆمەڵ لە رووی نیگەرانی و ستەم و خراپەکاری بۆ خودی نەتەوەکەی خۆی، چونکە دەیخاتە بەر مەترسی هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆیی و دەرەکی و دیموکراسی و فرەیی دەخاتە بەر هەڕەشە و پوکانەوە. لەبەرچاوی رای گشتی جیهانی و ناوەندە مرۆڤ دۆستەکاندا سیمایەکی درێو و ناشیرین دەبەخشێتە وڵات و نەتەوەکەی. ناسیونالیزمی کوردیش یەکێ لەو ناسیۆنالیزمانەیە "بالقوە" گەرای ئەم تێگەیشتنەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتوە، چونکە جگە ئەم فۆڕمە لە ناسیۆنالیزم، ئەگەرێکە لە بەردەم هەموو ناسیونالیزمێکدا بە تایبەتیش کاتێك دەبێت بە ئایدۆلۆژیا , چەند هۆکارێکی تریش لە سەر بەکورتی لە ئارادەیە.

ا. چەوساندنەوەی مێژوویی و دوور و درێژی ئەم ناسیونالیزمە و نەتەوەی کورد و نەگەیشتن بە ئامانجەکانی و نکۆڵیکردن لە شووناسی کوردبوون لە زۆر کاتدا.

ب. ناسیونالیزمی کوردی زیاتر لە قوتابخانەی ئەڵمانی نزیکە و لە سەر بناغەی ئینتیما بۆ نەژارد "کورد" دامەزراوە، نەك لە سەر بناغەی کوردستانیبوون.. ئەمەش وا دەکات لەم رووەوە زەمینەی لەگەشەکردنی هەستێکی لەو جۆرە لە ناویدا لە ئارادا بێت. هەڵبەت کوردستانیبوونیش تا رادەیەك ئامادە بوون, بەلاّم لە راستیدا ناسیونالیزمی کوردی ریفرۆم و بیناکردنەوەیەکی لەم روەوە دەوێت کە ئەمە هەڵدەگرم بۆ نووسینێکی تر.

ج. ئەو هەڕەشانەی تا ئێستا ماون و هەڕەشە لە ناسیونالیزمەکە دەکەن.

بەلاّم بەگشتی تا ئێستا ئەم دیاردەیە لە کوردستاندا حاڵەت و هەندێ سیمان و نەبوونەتە دیدێکی هەمەلایەنەی سیاسی نەخشە بۆکێشراو، بەلاّم ئەمە ئەوە ناگەیەنێت رۆشنبیر و سیاسەتوانانی کورد بەهەند نەگرێ لە خەمی ئەوەدا نەبێت کوردستانیبوون ببێتە بناغەی  ناسیونالیزم لە کوردستاندا و پاشەکشە بەو جۆرە بیرکردنەوەوە نامۆیانەش بکەین کە سەرەنجام دەسەلاّتی هەبێت دەبێتە دابەشکەری گەلی کوردستان بە سەر دەرگاکانی بەهەشت و دۆزەخەکانی.